## تانەیەکی یاسایی لەنایاسایی یاسای قەدەغەکردنی مەی وتانەیەکی جەرگ بڕیش لەبێ هەڵوێستی نوێنەرانی کورد.

**کارزان کۆیی**

**زۆرێک لەدەسەڵات داران و کەسانی سیاسی و بازرگانانی ئایین، ئایین وەک شمشێرێکی دووسەرە بەکار دەهێنن، جارێک بەناوی شۆرش و نارەزایەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، جارێکیش بۆ خۆسەپاندن و مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، وەک دەبینرێت لەودەوڵەتانەی زۆرینەی دانیشتوانی ئیسلامن، سەرکردە و سیاسەت مەدارەکانیان، کاتێک هەست بەشکست دەکەن، بۆ شاردنەوەی کەم وکورتیەکانیان پەنا دەبەنە بەر ئایین و بەناوی پیرۆز ڕاگرتنی ئایینی ئیسلامەوە، خۆیان دەکەنە باوکێکی ئایینی، بۆ ئەوەی دەرگای لێپرسینەوە لەگەندەڵی و ناکارامەیی و کەمتەخەمیەکانیان لەبەڕیوەبردنی وڵاتدا بەڕوی نەیاراندا داخەن، هەرکەسێکیش ڕەخنەیان لێ بگرێت، بەناوی ئایینەوە شەرمەزاری دەکەن و بەدوژمنی ئایینی ئیسلام هەژماری دەکەن، ئەم جۆرە ڕەفتارانەش کاریگەری زۆری هەبووە لە بەدەستهێنانی مەرامی تایبەت لەمێژوودا،**

**وەک نمونە لێرەدا (صدام حسین) سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق دەهێنینەوە، ناوبراو بۆ ڕاکێشانی سۆزی باوەڕداران و بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی، لەهەمان کاتدا بۆ مانەوە و نەمری شوێن پەنجەی حکومڕانی خۆی، پەنای بردە بەر ئایینی ئیسلام، ئەوەبوو بەناوی ئایینی ئیسلامەوە دەستەواژەی (الله اکبر)ی بەدەست و پەنجەی خۆی لەسەر ڕووی ئاڵای عێراقدا لە 22. 1. 1990 نووسی، هەرچەند لەڕوی زمانەوانیەوە ناوی خوای بەهەڵە نووسی بەم شێوەیە (<u>أللە</u>) لەکاتێکدا ناوی خوا لەقورئاندا**

1746 جار بەم شێوەیە هاتووە: (الله) بەڵام کەس نەی وێرا باس لەو هەڵە گەورەیە بکات، لەدوای ڕوخاندی دەسەڵاتەکەشی هەرچی بڕیار و پێشنیاری ئەوو هەبوو هەمووی پوچەڵکرایەوە و لەناوبرا، بەڵام.. هیچ کەس نەیتوانی و هیچ کەسێکی بوێریشمان پێشک نایەت بتوانێت پێشنیاری لابردنی ئەو دەستەواژەیە بکات لەسەر ئاڵای عێراق، لەبەر ئەوەی بەناوی ئایینی ئیسلامەوە پێشنیار کراوە.




لەکاتێکدا ئەو ئاڵایە ئاڵای هەموو پێکهاتەو نەتەوە و ئایینانەیە کە لە عێراقدا دەژین، نەک تەنها ئاڵای ئیسلامەکانە، ئەم جۆرە کارانە لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە پەیڕەو کراوە، وەک ئیمامی عەلی گوتوویەتی: كلمة حق يراد بها باطل. واتا وشەی ڕەوا بۆ مەبەستی کاری نارەوا. هەر بەو شێوە و شێوازە بۆ مەبەستێکی تایبەت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، لە ڕۆژی شەمەی 22. 10. 2016 یاسایەکیان تێپەڕاند، ناویان نا( یاسای قەدەغەکردنی مەی) لەڕاستیدا لەڕوی یاساییەوە ناوی (یاسای داهاتی شارەوانیەکان)ە لەبڕگەیەکی ئەو یاسایەدا، هاوردەکردن و دروستکردن و فرۆشتنی سەرجەم بابەتە کحولیەکان قەدەغە دەکات، گوایە هۆکاری تێپەڕاندنی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە، بۆ پاراستنی بەندە چەسپاوەکانی ئایینی ئیسلام و بۆ پارێزگاری و بەرگری

کردنە لە کاردانەوەی وێرانکاری مەی خواردنەوە بەتایبەتی لەسەر لاوان، هێندێک لە مێژەر لەسەران و بازرگانانی ئایین و بەکرێ گیراوانی دەوڵەتانی هاوسێ، لەو دەمەدا و بەئێستاشەوە لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە دەڵێن: ئەم یاسایە پارێزگاری لەگیانی هاوڵاتیان دەکات لەبەرئەوەی مەی خواردنەوە هۆکارێکە بۆ گیان لەدەستدانی هاوڵاتیان. لەکاتێکدا دروست وایە ئەو بەڕێزانە لەبری ئەولێدوانانە ئامۆژگاری خودی خۆیانیان بکەن لەسەر ئارام کردنەوەی نێو ماڵی ئیسلام، نەک پشتگیری دەرکردنی ئەو یاسا نا یاساییە، چونکە ئەوەندەی ئەوان لەنێو خۆیاندا لەسەر مەزهەب و توند ڕەوی ئایینی یەکتری دەکوژن و دەستی گەنجان سور دەکەن بەخوێنی یەکتر، هەرگیزاو هەرگیز مەی خۆران ئەوەیان نە کردووە و نایکەن.

ئەم بڕیارە لەودەمەدا پاش 13 ساڵ لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق بۆ دەستەبەرکردنی سۆزی دەوڵەتانی هاوسێ بێ بیرکردنەوە و توێژینەوە بەپەلە پروسکە دەرکرا، هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە ئەم یاسایە پڕاو پڕە لە پێشێل کاری و سەرپێچی دەستوور، تەنانەت نەک دژی یاسا نێو دەوڵەتیەکان و بنەماکانی دیموکراتیە، بەڵکو سەرپێچی کردنە لە خودی بنەماکانی ئایینی ئیسلامیش.

یەکەم پێشێل کاری ئەم یاسایە پێشێلکردنی مافی مرۆڤەکانە، کە مافی مرۆڤەکانی تێدا زەوت کراوە، لەکاتێکدا دەبێت بەپێی یاسا ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان مافی مرۆڤەکان بپارێزرێن، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ناسنامە و زمان و ئایین و ڕەچەڵەک و ڕەگەز، لەدەستووری عێراقیشدا بەڕونی و ئاشکرا ئەوە پشت ڕاست کراوتەوە کە عێراق یەک گەلە و لەچەند ڕەگەز و تایەفە و ئایین و کەمایەتی جۆراو جۆر پێک هاتووە، ئەم یاسای قەدەغەکردنی مەیە پێچەوانەی ئەو دەقەیە، چونکە هەموو

کەمایەتیەکان و ئایینەکانی تر ناچار دەکات ملکەچی ئاڕاستەیەکی جیاوازبن، کەبەپێی داب و نەریت و کلتور و ئایینیان نابێت و ناکرێت پابەندبن پێوەی، وەک کوردێکی کرستیانی دەڵێت: شەراب بەشێکە لە بەجێهێنانی سرووتی ئایینی مەسیحی، گەر ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، دەبێت ئێمەی مەسیحیەکان لەکڵێساکاندا لەجیاتی بەرز کردنەوەی پەرداخێک شەراب بەڕوی خوادا بۆ پیرۆزکردن و شکۆدارکردنی ناوی مەسیح، دەبێت پەرداخێک شەربەتی مێوژ بەرز بکەینەوە.

ئێمە پێمان وایە گەر یاسای نێو دەوڵەتیش وەلا بنێیین، جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بۆخۆی لادان و سەرپێچی کردنە لەبنەماکانی دیموکراتیەت، ئەو دەیموکراتییەی لەدەستوری عێراقدا لەساڵی (2005)دا ئاماژەی پێداوە کەلەبەندی یەکەمیدا دەڵێت: جمهورية العراق دولة اتحادية واحدة مستقلة ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها جمهوري نيابي برلماني ديمقراطي وهذا الدستور ضامن لوحدة العراق. ئەوەش دان پێدانە بەوەی عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی کۆماری پارلەمانی دیموکراتیە، واتا دەوڵەتێکی ئایینی نییە، هەرچەندە ئایینی فەرمی دەوڵەت ئایینی ئیسلامە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دەست درێژی بکرێتە سەر مافی کەمایەتیەکانی دیکە، بەناوی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامەوە.


دستور جمهورية العراق

الباب الاول
المبادئ الاساسية

المادة (١):
جمهورية العراق دولةٌ اتحادية واحدة مستقلةٌ ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها جمهوريّ نيابيّ (برلماني) ديمقراطيّ وهذا الدستور ضامن لوحدة العراق.

المادة (٢):

ئەم بڕیارە بەبێ شک لادان و سەرپێچیەکی ڕون و ئاشکرایە بەرامبەر بڕگەی (یەکەم- ب) و بڕگەی(دووهەم)ی مادەی دووهەم لەودەستوردا کەتێدا دەڵێت: ((يضمن هذا الدستور الحفاظ على الهوية الاسلامية لغالبية الشعب العراقي، كما ويضمن كامل الحقوق الدينية لجميع الأفراد في حرية العقيدة و الممارسة الدينية، كالمسحيين، والايزديين، والصابئة المندائيين)) لێرەدا زۆر بەڕونی ئەو بڕگەیە پێداگری لەڕێز گرتنی بنەماکانی دیموکراتیەت دەکات و مافە ئایینیەکانی هەموان دەستەبەر دەکات و ڕێزی لێ دەنێت، هەر لەسەربەستی باوەڕەوە تا پەیڕەو کردنی ئایینەکان وەک ئایینی کرستیان و ئێزیدی و سابئە و مەندائیی.




ئەم یاسایە جارێکی دیکە سەرپێچی ولادانە لەمادەی (14)ی دەستور، کەتێدا ئاماژە بەیەکسانی تەواوی عێراقیەکان دەکات بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایین و ڕەگەز و رەنگ وتایەفە و ڕەچەڵەک، بەهەمان شێوە ئەم یاسایە پێچەوانەی مادی (15)یە کەتێیدا مافی ژیان و ئاسایش و سەربەستی بۆ هەموان مسۆگەر دەکات، لەهەمان کاتدا سەرپێچی و لادانە لە مادەی (17) کەتایبەتە بە مافی تایبەتمەندی کەسایەتی تاکەکان.




الباب الثاني
الحقوق والحريات
الفصل الأول
[الحقوق]
الفرع الأول:- الحقوق المدنية والسياسية

**المادة (14):**
العراقيون متساوون أمام القانون دون تمييزٍ بسبب الجنس أو العرق أو القومية أو الأصل أو اللون أو الدين أو المذهب أو المعتقد أو الرأي أو الوضع الاقتصادي أوالاجتماعي.

**المادة (15):**
لكل فردٍ الحق في الحياة والأمن والحرية، ولا يجوز الحرمان من هذه الحقوق أو تقييدها إلا وفقاً للقانون، وبناءً على قرارٍ صادرٍ من جهةٍ قضائيةٍ مختصة.

**المادة (17):**
**أولاً**:- لكل فردٍ الحق في الخصوصية الشخصية، بما لا يتنافى مع حقوق الآخرين، والآداب العامة .
**ثانياً**:- حرمة المساكن مصونةٌ، ولا يجوز دخولها أو تفتيشها أو التعرض لها إلا بقرارٍ قضائي، ووفقاً للقانون.

**المادة (18):**

ئەم یاسایە جارێکی دیکە بەئاشکرا دژ بە مادەی (37) بڕگەی دووهەمی دەستور دەوەستێتەوە کەتێیدا دەڵێت: ((تكفل الدولة حماية الفرد من الاكراه الفكري و السياسي و الديني)) لێرەدا ئەم یاسایە دەوڵەت پابەند دەکات بە پاراستنی تاکەکان لە زۆرە ملێکردن و سەپاندنی هزری سیاسی و ئایینی، هەروەها پێچەوانەی مادەی (41)ە کەتێیدا دەڵێت: ((العراقيون أحرار في الالتزام بأحوالهم الشخصية، حسب دياناتهم أو مذاهبهم أو معتقداتهم أو اختياراتهم)) لێرەدا عێراقیەکان سەربەستکراون لەپابەند بونیان بە باری کاسایەتی بەپێی ئایین و باوەڕ و مەزهەبەکانیان، بەهەمان شێوە ئەم یاسایە پێچەوانەی مادەی (42)ە کەتێدا دەڵێت: لكل فرد حرية الفكر و الضمير والعقيدة. واتا سەربەستی دەداتە تاکەکان لە بیرکرنەوە و ویژدان و بیر و باوڕدا.

**المادة (37):**
**أولاً**:-
أ - حرية الإنسان وكرامته مصونةٌ.
**ب** - لا يجوز توقيف أحد أو التحقيق معه إلا بموجب قرارٍ قضائي.
**ج** - يحرم جميع أنواع التعذيب النفسي والجسدي والمعاملة غير الإنسانية، ولا عبرة بأي اعتراف انتزع بالإكراه أو التهديد أو التعذيب، وللمتضرر المطالبة بالتعويض عن الضرر المادي والمعنوي الذي أصابه وفقاً للقانون.
**ثانياً**:- تكفل الدولة حماية الفرد من الإكراه الفكري والسياسي والديني.
**ثالثاً**:- يحرم العمل القسري (السخرة)، والعبودية وتجارة العبيد (الرقيق)، ويحرم الاتجار بالنساء والأطفال، والاتجار بالجنس.

**المادة (41):**
العراقيون أحرارٌ في الالتزام بأحوالهم الشخصية، حسب دياناتهم أو مذاهبهم أو معتقداتهم أو اختياراتهم، وينظم ذلك بقانون.

**المادة (42):**
لكل فرد حرية الفكر والضمير والعقيدة.

لەهەمانکاتدا ئەم یاسایە دژ بە مادەی (43) بڕگەی یەکەمی دەستوورە، کە تێیدا سەربەستی ئەنجامدانی داب و نەریتی ئایینی دابین کردووە، هەروەها لە مادەی (46)ی هەمان دەستوردا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نابێت ڕێگە بگیرێت لەهیچ کام لەوماف وسەربەستیانەی لەدەستوردا ئاماژەی پێدراوە.. یاخود سنورداركردنیان، تەنها بەیاسا نەبێت، بەمەرجێک ئەو سنور دارکردنە کار نەکاتە سەرناوەڕۆکی ماف و سەربەستیەکە.

یاسای قەدەغەکردنی مەی نەک مافەکان سنوردار دەکات بەڵکو بەئاشکرا کۆتیان دەکات، ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە تەنها شیکردنەوەیەکی کورتە لەڕوی یاساییەوە کەناکرێت بەپێی دەستوری عێراق و یاسا نێو دەوڵەتیەکان کاربەو یاسایە بکرێت، لەڕوی کۆمەڵایەتی و هزر و ویژدان و نەریتیشەوە ئەم یاسایە دروست نیە، لەبەر ئەوەی لەعێراقدا چەندین ئایین هەیە کەڕێگری ناکات لەپەیڕەوانی مەی بخۆنەوە، لێرەدا دەکرێت بپرسین بەکام هزر شەریعەتی ئیسلامیان بەسەرا دەسەپێنرێت، ئەوانەی پشتگیری لەم یاسایە دەکەن و شەریعەتی ئیسلام ئەوەندە بەدروست و گونجاو دەزانن بۆ سزای دەست بڕینی دزەکان جێبەجێ ناکەن، بۆ شەریعەتی ئیسلام تەنها لەسەر مەیخۆرەکان جێبەجێ دەکەن، لەکاتێکدا تائێستا نەبیستراوە خۆکوژێک لەمەیخانەکاندا پەروەردە بووبێت، یا لەکۆگایەکی مەیدا ماشینێک مین ڕێژ کرابێت یا سەرخۆشێک گوتبێتی مرۆڤەکان سەربڕن تابچنە بەهەشت، ئەوانەی ئەوانە دەکەن مەیخۆرەکان نین، ئەوانەن بەناوی ئایینەوە لەژێر دەواری ئاییندا پەروەردە دەکرێن، نەک لەمەیخانەکاندا، ئەم بڕیارە گەر بەوردی لێکدانەوەی بۆبکەین، بۆخۆی سوکایەتی کردنە بەتاکی ئیسلام، چونکە

باوەڕ داری ئیسلام گەر باوەڕی بەئایینەکەی هەبێت و باوەڕی بەحەرام بوونی مەی هەبێت بۆخۆی مەی ناخواتەوە، بەڵام کەکاتێک تۆ مەی خواردنەوە قەدەغە دەکەیت دیارە پێت وایە تاکی ئیسلام باوەڕی زەعیفەو خۆی ناگرێت لەئاست مەیدا!

ئەم یاسایە لەڕوی شەریعەتی ئیسلامیشەوە دروست نیە، چونکە هەموو تایفە و ئایینزاکان کۆڕا و هاوڕانین لەسەر حەرام بونی خودی مەی، بۆنمونە: زانایانی عێراق وەک(أبراهیم النخعي) و (سفیان الثوري) و (ابن أبي لیلی) و (شریک) و (ابن شرمة) و (الامام أبو حنیفة) و تەواوی زانایانی کوفە و زۆربەی زانایانی بەسرا کۆکن لەسەر ئەوەی حەرام کردنی تەوای مەیە سەرخۆشکەرەکان مەست بوونەکەیەتی نەک خودی مەیەکە(١)بەهەمان شێوە ئیمامی ئەبی حەنیفە و ئەبی یوسف لەکتێبی (الموسوعة الفقهیة)دا دەڵێن: ((شەرابی هەنجیر و هەنگوین و گەنم و جۆ و هاوشێوەیان خواردنەوەیان حەڵاڵە، بەمەرجێک خواردنەوەیان بەمەبەستی ڕابواردن و دڵخۆشبوون نەبێت(2) ((سەرنج: لەدەقە رەسەنەکەدا ئەو بۆچونەی سەرەوە بەم شێوەیە هاتووە: " نبیذ العسل والتین والبر والشعیر ونحو ذلك فمباح عند أبي حنیفة وأبي یوسف ، بشرط ألا یشرب للهو أو طرب" من بێگومانم واتای (لهو) بەمانای تەسلیە و ڕابواردن دێت، بەڵام زاراوەی (طرب) بەمانای خۆشی و بەختیاری دێت وە بەواتای گۆرانی و سەماش دێت، لێرەدا بەرێزتان سەرپشک دەکەم بۆ لێکدانەوەی واتای (طرب) کە ئیمامی ئەبی حەنیفە و ئەبی یوسف دەبێت مەبەستیان لەکامیان بوبێت. ک.ک)). ئەوە جگە لەوەی خوای گەورە بۆخۆی لەقورئاندا دروستکردنی مەی، واتا مەستکەری بەبژۆێکی باش هەژمارکردوە، وەک لەم ئایەتەدا هاتووە: ((ومن ثمرات النخیل والأعناب

تتخذون منه سكرا ورزقا حسنا))(3) واتا (لەبەری دار خورما و ترێ (مەستکەر – سەرخۆشکەر) بەرهەم دەهێنن.. بژێویەکی باشە) خوای گەورە لەم ئایەتەدا بەئاشکرا ئاگادارمان دەکات لە(رزق- دەرامەت)و چاکەی خۆی لەسەرمان تاسود مەندبین لێی، لەبەری دارخورما و ترێ (مەستکەر) دروست بکەین کەدەرامەتێکی باشە، لەم ئایەتەدا مەی نەک حەرام نەکراوە، بەڵکو پێش بژێویی چاکیش خراوە، هێندێک لە پیاوانی ئایینی دەڵێن: ((ئەم ئایەتە پوچەڵ کراوەتەوە – نەسخ کراوە)) ئێمە ئەم بۆچونە بەدروست نابینین و بەکفریشی دەزانین، چونکە زانستی (الناسخ و المنسوخ- ڕەتکەرەوە و ڕەتکراوە یا پوچوڵکراو و هەڵوەشاوە یا سڕەوە و سڕاوە) داهێنانی مرۆڤەکانە و پێچەوانەی فەرمانی خوایە، لەهەمان کاتدا سەرپێچیەکی ئاشکرایە لەڕێنمایی و فەرمانی خودا، بەبۆچونی ئێمە ئەو زانستەی کە زانایانی ئیسلام ناویان ناوە (الناسخ و المنسوخ) باشتر وایە باوەڕداران و ڕۆشنبیران ناوەکەی بگۆڕن بە (علم التحريف- زانستی لادان، شێواندن) لەبەر ئەوەی یەزدان تەنها خودی خۆی سەربەست کردووە بەهەموار کردنەوە و ڕەتکردنەوە، تەنانەت لەم بوارەدا دەسەڵاتی ئەوەی بە پێغەمبەری ئیسلامیش(د.خ) نەداوە، وەک خوا بۆ خۆی دەفەرموێت: ((ما ننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها))(4) واتا: ((هیچ ئایەتێک ناسڕینەوە یا لەبیری نابەینەوە هەر ئایەتێک بسڕینەوە یا لەبیری بەرینەوە، ئایەتی باشتر یان هاوشێوەی دەخەینە شوێنی)) لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین: ئەوانەی لەپاش مردنی پێغەمبەر(د.خ) زانستی (الناسخ و المنسوخ)یان داهێناوە، گەورەترین تاوانیان بەرامبەر بەئیسلام و موسلمانان ئەنجام داوە، گەر خودای مەزن بەپێویست و دروستی بزانیایە خۆی ئەوئایەتانەی پوچەڵ دەکردەوە، دیارە ئەوانەی ئەم کارە دەکەن

خۆیان لەخوا بەمەزنتر و داناتر و زاناتر و ژیرتر دەزانن، ئەمەش بۆ خۆی پێچەوانەی بەرز راگرتنی ئاینی ئیسلامە، گەروانیە بادانایان و زانایانی ئاینی پێمان بڵێن بەکام دەقی قورئان خوای گەورە.. ئەوانی سەربەست کردووە کە فەرمان و ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی خودا پوچەڵ بکەنەوە؟،

ئەم یاسایە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژی شەمەی 22. 10. 2016 دەنگی پێدا، بەڵام لەکاتی خۆیدا لەڕۆژنامە فەرمیەکاندا بڵاو نەکرایەوە و کاری پێنەکرا، تا وەزیری داد لە20 شوباتی ئمساڵدا 2023 لەڕۆژنامەی فەرمی کۆماری عێراق ژمارە 4708 بڵاوی کردەوە و چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەی دڵتەنگمان دەکات و جێگەی نیگەرانی و شەرمەزاریە بۆ ئێمەی کورد، نوێنەرانی کوردن لەبەغداد کەبێدەنگیان هەڵبژارد و هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، لەهەردوو کاتەکەدا، لێرەدا پێویستە نوێنەرانی کورد لەبەغداد بۆ هاوڵاتیانی کوردی ڕونبکەنەوە ئایە لەگەڵ دەرکردنی ئەو یاسایەدا بوون، یالەبەر ڕاگرتنی سۆزی باوەڕداران و دەستەبەرکردنی دەنگی ئیسلامیەکان بێدەنگ بوون، یا لەنەزانین و نەشارەزاییان بووە لەیاسا، ئای چەند شانازی بوو بۆ کورد نوێنەرانی کوردیش بوێر بوونایە و وەک کوتلەی بابیلۆن ی مەسیحیەکان و کوتلەکانی دیکە و کەسایەتیە ڕۆشنبیرەکان دژی ئەو بڕیارە بوەستانایە و دوای یاساییان لەدژی ئەو بڕیارە لە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق تۆمار بکردایە، بۆزانیاری(9) نۆ داوای یاسایی لەدژی ئەو بڕیارە لە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق تۆمار کراوە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی و نوێنەرانی کورد تائێستا بێدەنگیان هەڵبژاردوە، هیوادارین ئەم پەیامەمان ببێتە هۆکارێک بۆ هەڵوێست وەرگرتنی نوێنەرانی کورد و کەسانی ڕۆشن هزر، بۆزانیاری عێراق عێراقی تەنها موسڵمان نیە، عێراق عێراقی هەموو نەتەوە و

ئایینەکانە بە ئیسلام و ئێزیدی و مەسیحی و سائبە و مەندائی و زەرادەشتی و یارسان و بەهائی و... تاد.

1- أمام أحمد رضا خان البريلوي، البسط المسجل في امتناع الزوجة بعد الوطء للمعجل وأثنان وسبعون فتوى في أحكام المهر، من الفتاوى الرضوية، الناشر، دار الكتب العلمية، لبنان، بيروت، الطبعة الأولى، صحيفة ٨٤.

2- *الموسوعة الفقهية*، الجزء الخامس، اشراف – اقلة، اصدار وزاره الأوقاف و الشؤن الاسلامية، الكويت، الطبعة الثانية، طباعة ذات السلاسل، الكويت، صحيفة ١٤.

3- القرآن الكريم، سورة {النحل- هەنگ} {الآية ٦٧}.

4- *القرآن الكريم*، سورة {البقرة- مانگا} {الآية-١٠٦}.